# مێژووی عێراق و کەرکووکي کورد لە دیدی (ماتس لاشسۆن)ەوە!

ماتس لاشسۆن
و: سیروان کاروانی

1

لە 3000 ساڵی پێش مەسیحدا: لەوێدا و پێش 5000 ساڵ، ئەم کۆمەڵگا مەدەنییەی ئێمە لەدایک بووە. لە مێسۆبۆتامیا*1 "نێوان دوو ڕووبار" دەورووبەری فورات و تیگریس-دا، یەکەمین شارستانی بنیاد نرا، یاسا سەرەتاییەکانی تیادا بەدی هات و بەرهەمی وێژەییی خوڵقا.




2

لە 600 ساڵی پێش مەسیحدا: لە بابل ئەو باخچە لەدارانە هەبوونە. لە ساڵانی 600ی پێش مەسیحدا، (Nebukadnessar) فەرمانڕەوایەتیی دەکرد و مووسایییەکانی گرت. سەدام حوسێن خۆی وەک (Nebukadnessar)ی سەردەم دێتە پێش چاو.




هەزار و یەک شەوە؛ ساڵی 762، 200 ساڵ پاش لە دایک بوونی پەیامبەر "موحەممەد"، ناوەندی موسووڵمانییەت بۆ شاری تازەدامەزراوی بەغداد گوازرایەوە. خەلیفەتی عەباسییەکان بۆ ماوەی 500 ساڵ فەرمانڕەوایەتییان کرد. لێرەدا، ئالادین، ئالی بابا و هەموو لەشەچیرۆکاوییەکانی تر ژیاون.



3

لە ساڵی 1258دا، کاتێک هۆلاکۆ-خان-ی کوڕەزای جەنگیز-خان بەغدادی گرت، شارەکە وێران بوو. سەدام لە بووش دەچێ، وەک هۆلاکۆ-خان-ی سەردەمە.




4

لە ساڵی 1535دا، عوسمانییەکان لە پاش مەنگۆلییەکان دەستەلاتیان لە عێراقدا گرتە دەست و تا نزیکەی 400 ساڵ کاروباری ئەو وڵاتەیان هەڵسووڕاند. عێراق دابەشی سەر سێ هەرێم کرا: کەرکووکی کورد، بەغدادی موسووڵمانەسوونییەکان و بەسرای موسووڵمانەشیعەکان.




5

لە ساڵی 1918دا و پاش شەڕی جیهانیی یەکەم، ئیمەراتۆریەتی عوسمانی هەرەسی هێنا و، بەریتانییەکان و فەرەنساییەکان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد. بەغداد کەوتە ژێر ڕێبەرایەتیی بەریتانییەکانەوە.




لە ساڵی 1932دا، عێراق سەربەخۆیی وەدەست هێنا. وڵات سیستەمی پادشایەتیی بەخۆوە گرت. فەیسەڵی کوڕی حوسێن*2 بە پادشای وڵات دانرا. ڕۆڵی بەریتانییەکان مایەوە. دەوڵەمەندیی عێراق لە نەوت بەدەرکەوت.




2

6

کۆتاییهاتنی پادشایەتی: لە ساڵی 1958دا، جەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم ڕێبەرایەتیی کودەتایەکی سەربازیی خوێناویی کرد و خانەوادەی پادشا لە سێدارە دران. هەر زوو ئاژاوە دەستی پێ کردەوە. ساڵێک دوای ئەوە، سەدام حوسێن بەشداریی لە هەوڵێکی سەرنەکەوتووانە کرد بۆ کوشتنی قاسم.



Abd Karim Kassem.

دیسان کودەتا: لە ساڵی 1963دا، عەبدولکەریم قاسم لابردرا و کوژرا. لەشە مردووەکەی لە شاشەی تیڤی پێشان درا. پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی بەشداریی کودەتایەکەی کرد، بەڵام لایەنگرەکانی هەر زوو دوورخرانەوە.

1963
**Kupp igen**

7

جارێکی تریش کودەتا: لە ساڵی 1968دا، پارتی بەعس بە تەواوی دەستەڵاتی گرتە دەست. سەرهەنگی جەنەراڵ ئەحمەد حەسەن بەکر، بوو بە سەرۆک، بەڵام جێگرەکەی کە بە (Deputy) ناسرابوو، بەهێزترین پیاو بوو. ئەو پیاوە ناوی سەدام حوسێن بوو. سەدام وەک ستالین بەراورد دەکرا، وەک دەستپێشخەری، هەر زوو هەموو بەربەرەکانییەکانی لەناو برد.



Ahmad Hassan Bakr.

ڕێککەوتن لەگەڵ کوردەکان: لە ساڵی 1970دا، ڕژێمی بەغداد ڕێکەوتننامەیەکی ئاشتیی لەگەڵ کوردە کەمایەتییەکانی باکووردا مۆر کرد و شەڕی نۆ ساڵەی ناوخۆ کپ بوو. بەڵام هەر زوو هەڵگیرسایەوە.

**1970**
**Avtal med kurderna**

هاوڕێیەتیی مۆسکۆ: لە ساڵی 1972دا، عێراق ڕێککەوتننامەیەکی 15-ساڵیی پێکەوەکارکردنی لەگەڵ سۆڤیەت-دا مۆر کرد. عێراق زیاتر لە ڕێگای مۆسکۆوە چەکەکانی وەردەگرێت. لە هەمان ساڵدا، عێراق نەوتەکەی خۆماڵی کرد. ڕژێم بە هۆی ئابووریی نەوتەکەیەوە، بەرنامەیەکی بەربلاوی خۆشگوزەرانیی دەست پێ کرد.

**1972**
**Kamrat Moskva**

8

سەدام حوسێن جاکوێس چیراک دەبینێ: لە ساڵی 1975دا، سەدام حوسێن هەڤاڵێک (سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا) پەیدا دەکات. عێراق توانیی بەرنامەیەکی چەکی ناوکیی لێ بکڕێ. لە ساڵی 1975دا، سەدام بڕیاری دا، کە عێراق تا ساڵی 1985 دەبێ بۆمبایەکی ئەتۆمیی هەبێ.



Saddam Hussein träffar Jacques Chirac.

9

لە ساڵی 1979دا، سەدام حوسێن دەستەڵاتی لە عێراقدا گرتە دەست. ئەو ڕابەرانی پارتی بەعسی داوەتی کۆنگرە کرد، دەسیسەیەکی ئاشکرا کرد و خاوێنیانی کردنەوە. 22 کەسی لە ڕێبەرانی پارتی بەعس لە سێدارە دا.



10

له ساڵی 1980دا، له ئێرانی دراوسێدا، ڕژێمی شا ڕووخا و سه‌ددام وای دانا که سه‌رکه‌وتنێکی خێرا وه‌ده‌ست دێنێ. ئه‌و ڕێکه‌وتننامه‌یه‌کی پێنج ساڵ کۆن که مافی ئێرانی به‌سه‌ر (شط العرب)دا ده‌دا، دڕاند و له مانگی نۆی هه‌مان ساڵدا په‌لاماری ئێرانی دا.

**1980**
**Krig**

له ساڵی 1981دا، فڕۆکه‌کانی ئیسرائیل هێرشیان کرد و فابریکی کارلێکردنی چه‌کی ناوکیی دامه‌زرێنه‌راویی فه‌ره‌نساوییان له ده‌ره‌وه‌ی به‌غداد بۆردومان کرد. کۆمه‌ڵگای جیهانی ئه‌و بۆردومانه‌یان نه‌فره‌ت لێکرد. ئێستا ده‌زانین، که سه‌ددام هه‌وڵی ده‌دا چه‌کی ناوکی دروست بکات. ئه‌و هێرشه بۆردومانییه به‌رنامه‌که‌ی تێک دا.

**1981**
**Israel till attack**

له ساڵی 1982دا، هێزه چه‌کداره‌کانی ئێران، عێراقییه‌کانیان پاشه‌کشه پێکرد و چوونه ناو عێراقه‌وه. سه‌ددام بۆ یه‌که‌م جار له ساڵی 1984دا، چه‌کی کیمیاییی به‌کار هێنا. ئه‌و چه‌که‌ی به یارمه‌تیی ئه‌ڵمانیا دروست کرد.

**1982**
**Kriget vänder**

11

له ساڵی 1988دا، ئایه‌تولڵا خومه‌ینیی ئێران له جیهان وه‌کوو هه‌ڕه‌شه‌یه‌کی گه‌وره ده‌بینرا. هه‌تا وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئامریکاش له کاتی شه‌ڕدا، به وێنه‌ی ساته‌لایتی یارمه‌تیی سه‌ددامیان دا. له کۆتاییدا، ساڵی 1988 ئاشتی چه‌سپا. شه‌ڕه‌که ته‌راز ته‌واو بوو، به‌ڵام زیاتر له میلیۆنێک کوژران.

**1988**
**Vår vän Saddam**



Ayatolla Khomeini.

12

له ساڵی 1988 کاتی شەڕی عێراق لەگەڵ ئێراندا، کوردەکان لەنوێوە هەوڵی ڕاپەڕینیان دا. سەدام هێرشی بۆ کردن. دێهاتەکان لەگەڵ خاک تەخت کران، کوردەکان بە بە کیمیاوی کوژران و ڕاگوێزران. هێرشی گازی کیمیاوی زیاتر بەرەو شاری هەڵەبجە ئاراستە کرا، کە ژیانی زیاتر لە 5000 مرۆڤی تیاچوو. وڵاتانی ڕۆژئاوایی، سەرەتا لە نووسینەکانیاندا شوورەییانە بێ دەنگ بوون.

**1988**

**5 000 människor dödas i gasattack mot kurdiska Halabja**



Män, kvinnor och barn gasas ihjäl vid anfallet mot staden Halabja.

13

داگیرکردنی کووەیت: لە 2ی مانگی 8ی ساڵی 1990دا، عێراق، کووەیتی وڵاتی دراوسێی داگیر کرد. سەدام حوسێن لە پاش شەڕی ئێراندا، زۆر پەرپووت بوو و ویستی دەست بەسەر چاڵە نەوتەکانی کووەیت-دا بگرێت.

سەدام پێچەوانەی ڕای جیهانی، چەوت مامەڵەی کرد.

**1990**

**Invasion av Kuwait**



Expressen, 3 augusti 1990.

چالاکیی گەردەلوولی بیابان: لە 17ی مانگی 1ی 1991دا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا سەرکردایەتیی هێزە هاوپەیمانەکانی کرد و هێرشیان دەست پێ کرد.

**1991**

**Operation Ökenstorm**

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کردبوو، کە تا 15ی ئەو مانگە کووەیت جێبێڵێ. کووەیت ئازاد کرا.
بەڵام سەدام حوسێن هێشتا لەسەر کار مایەوە.




14

لە ساڵی 1991دا، تووڕەیی و سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان وایکرد، کە موسووڵمانە شیعەکان لە خواروو (گەورەترین کۆمەڵی خەڵکی موسووڵمانی وڵات) و کووردەکان لە باکوور ڕاپەڕن.
بەڵام ڕژێم هەردوو ڕاپەڕینەکەی خوێناوی دامرکاندەوە.




ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ناوچەیەکی ئاسایشی (ناوچەی پارێزراو) بۆ کوردەکانی باکوور دروست کرد و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا هەڵسانی فڕۆکەکانی عێراقی بۆ ناوچەی پارێزراو قەدەغە کرد. هەر لەو کاتەوە ڕاپەڕینی کوردەکان بە تەواوی دامرکێنرایەوە، ناوچەی پارێزراو لە باکووری عێراق دروست کرا. ناوچەی دژەفڕین دروست کران.




گەڕان بە دوای چەکی کۆمەڵکوژی: ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کرد، کە عێراق هەموو چەکە کۆمەڵکوژەکانی خۆی لەناو بەرێ. هێزێکی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان UNSCOM پێکهێنرا، بۆ ئەوەی چاوەدێریی کارەکان بکات. کارەکان بە سستی چوونە پێش. سزای ئابووریی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر عێراقدا، لە ساڵی 1990ەوە بە توندی بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی عێراق لە چەکەکانی دادەماڵرێ.



هەوڵی کوشتن: لە ساڵی 1993دا، کاتێک سەرۆکی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا "بووش" سەردانیی کووەیتی کرد، لە لایەن سیخوڕەکانی عێراقەوە هەوڵی کوشتنی درا. جێنشینەکەی ئەو واتە "بیل کلینتۆن" سزای عێراقی دا بەوەی مووشەکیان لێ دا.




15

لە ساڵی 1995دا، سەدام هەردوو زاواکەی خۆی کوشت، ئەمە پاش ئەوەی زانیاریی گرنگیان ئاشکرا کرد.

ساڵی 1995زاواکانی سەدام، سەدام کامیل و حوسێن کامیل لەگەڵ خێزانەکانیان (کچەکانی سەدام) پێکەوە بۆ ئوردن هەڵاتن. ئەوان زانیارییان لەسەر بەرنامەی چەکی کۆکوژی ئاشکرا کرد. لە پاشاندا، ئەوان فریو دران بگەڕێنەوە عێراق و، لە ئەنجامدا کوژران.




چالاکیی ڕێویی بیابان: تا دەهات سەختتر دەبوو بۆ UNSCOM لەگەڵ عێراقدا کار بکات. لە سزای ئەوە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە مانگی 12ی 1998دا، بۆ ماوەی چوار ڕۆژ عێراقیان بۆردوومان کرد و پشکێنەرانی چەکی کۆکوژ لەوێ دەرکران.




16

شتێک پێشانی نەدا کە عێراق دەستی هەبووە لە هێرشە تیرۆریستییەکەی 11ی مانگی 9ی 1991 دژی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، بەڵام لەپردا، ئەوە بۆ سەرۆک دەبلیو بووش ڕەخسا کە بە ڕاستی دژی عێراق بکەوێتە کار.



ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی 11ی 2002دا، بە تێکڕای دەنگ بڕیاری 17ەمینیان دەربارەی عێراق و چەکە کۆکوژەکانی ئەو وڵاتە پەسەند کرد.

**2002**

**En sista chans**

ئەو بڕیارە، دوابواری بە سەدام دا، کە چەکە قەدەغەکراوەکانی لەبەین بەرێ. پشکێنەرانی نوێی چەک گەڕانەوە و دەستیان بە کاری خۆیان کردەوە.



Hans Blix.

بەغداد لە گرتێبەربووندا: لە 19ی مانگی 3ی 2003دا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە سەرووی هەموویانەوە بە پاڵپشتیی بەریتانیای گەورە، هێرشی بۆ سەر عێراق دەست پێ کرد.

**2003**

**Bagdad i lågor**

هێرشی ئاسمانیی بۆمبای فڕۆکەکان بە خەستی بۆ سەر بەغداد بەردەوامە.



2003/03/27

*1 هەرێمێکی کوردییە.

* بە مەلیک فەدسەڵ ناسراوە (س. ک).

سەرچاوە:

* ڕۆژنامەی (EXPRESSEN)ی سوێدی 1990/08/03

* ڕۆژنامەی (EXPRESSEN)ی سوێدی 1991/01/17

* ڕۆژنامەی (EXPRESSEN)ی سوێدی 2003/03/25